تێبینی: نوسەری ئیسلامی ئەحمەد تاشگەتیرەن لەم وتارەدا هێرشێکی نارەوا دەکاتە سەر پێشمەرگەی کوردستان و دەیانخاتە خانەی بەکرێگیراوانەوە. کوردستان نێت پێی وایە کە نابێت دەسەڵاتدارانی کوردستان، بە تایبەتیش پێشمەرگە دێرینەکان، لەبەرامبەر سوکایەتیکردن بە پێشمەرگەی کوردستان بێدەنگ بن و پێویست دەکات ئەم وتارە بێ وەڵام نەهێڵرێتەوە.

کوردستان نێت

# ئەکتەرە چەپەڵەکان

## ئەحمەد تاشگەتیرەن – رۆژنامەی یەنی شەفەق ٢٠٠٣/٧/٧:

## وەرگێرانی: بەکر شوانی

(ئەکتەرە چەپەڵەکان: ئەمەریکاییە داگیرکەرەکان و پێشمەرگەکان. . . ئەمانە سەرقاڵی گەمەیەکی زۆر خراپن. من خۆم لەو باوەڕەدا نیم کە هەموو کوردەکانی باکوری عێراق لایەنگری داگیرکاری ئەمەریکا بن، بە تایبەتیش ئەگەر بزانین کە ناوچەکانی ئەنساروئیسلامی کوردی لەو شوێنانە بوون کە لە سەرەتای شەڕدا لە لایەن ئەمەریکاوە بۆردومان کران و ژمارەیەکی زۆر مرۆڤ کوژران. تاقمەکانی تاڵەبانی و بارزانی، واتە کۆمەڵگای پێشمەرگە، دوو گروپی کوردین کە لەگەڵ داگیرکاریدان. ئەمەریکا لە سەرەتای داگیرکردنەوە توشی بووە بە توشی هەلومەرجی سەختی عێراقەوە. لە عێراق باس لە بەرەنگاربوونەوەیەکی ناوخۆیی دەکرێ و پێشبینی دەکرێ بەشێک لە عێراقیەکان لە چوارچێوەی لۆژیکی شەڕی رزگاریدا درێژە بە تێکۆشان بدەن. لە بەرامبەر ئەمەشدا هەردوو گروپە کوردیەکە هاوکاری هێزەکانی داگیر دەکەن. ئەمەریکا زەمینە ئامادە دەکات بۆ ئۆپەراسیۆن لە عێراق و لە هەرێمەکە و باکوری عێراقیش بووە بە پڕ لە ئاسایشترین بنکەی ئەمەریکایی. چەپەڵترین لایەنی مەسەلەکە ئەوەیە کە پێشمەرگەکان هەبوونی ئەمەریکا لە باکوری عێراق لە دژی تورکیا بەکار بهێنن. ئەمەریکا دەوڵەتێکی زلهێزە، باشە، بەڵام لە چ سۆنگەیەکەوە بە دەسپێشخەری گروپە کوردیە زۆر بچکۆلە و نەناسراوەکانی باکوری عێراق بەشداری لە چالاکی دژ بە تورکیادا دەکات؟ هاوبەشی ستراتیژین! دە توخوا تۆیش! دۆستین! دە توخوا تۆیش! هاوپەیمانین! دە توخوا تۆیش! ئەگەر ئەمە دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی و ستراتیژی هاوبەشی ئەمەریکا بێت، ئەی دەبێ دوژمنایەتیەکەی چی بێت؟ ئەمەریکا ئێستا وڵاتێکە کە پێشمەرگە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چاوساغی بۆ دەکات. پێشمەرگەش لوتی سەربازەکانی ئەمەریکا دەگرێ و بەردەوام دەیانکات بەگژ تورکەکاندا. بەکارهێنانی وشەی چەپەڵ کەمە بۆ وەسفکردنی ئەم رەفتارە. . . پێشمەرگەکان چەپەڵ دەبن و ئەمەریکاش لەگەڵیاندا. . . پێشمەرگە ئێستا خۆی ئامادە دەکات بۆ کرێگرتەیی ناوخۆیی و ئەمەریکا دەکات بەگژ وڵاتەکانی هەرێمەکەدا و هەستی پێ بکات یان نا، ئەمە کارێتی.)

# ئەوەی لە باکوری عصراق أوويدا گرنگ نیە، ئەوەی أوودەدات گرنگە

## جەواد ئاکچالی – رۆژنامەی یەنی شەفەق ٢٠٠٣/٧/٧:

(رای گشتی تورک کاردانەوەیەکی سەختی هەبوو لە بەرامبەر رووداوی کەلەپچە کردنی ١١ سەربازی ئێمە و بردنیان بۆ کەرکوک و بەغداد کرد. ئەگەر ئەم رەفتارە بە کارێکی نائاگایانەی چەند سەربازێکی ئەمەریکی دابنێنین، ئەوا دیارە خۆمان لە خشتە دەبەین. گفتوگۆ کردن لەم کاتەدا دەربارەی ئەوەی "کە ئایا پێویست بوو لە کاتی شەڕی عێراقدا رێگە بە سوپای ئەمەریکا بدەین یان نەدەین بە خاکی ئێمەدا گوزەر بکات" بێ کەڵکە. ئێستا پێویستە بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن ئابڕووی تورکیا و سەربازی تورک

بپارێزین. دەبێ وا نەزانین کە سەربازەکانی ئەمەریکا بێ فەرمانی سەرۆک بوش ئەم چالاکیەیان ئەنجامداوە. پاول-یش لەم مەسەلەیە بێ ئاگایە، بۆیە هەر ئەوەندە بەس نیە پەیوەندی بە پاول-ەوە بکرێ و چارەسەری مەسەلەکەش بە تەلەفۆن کردن بۆ سەرکردایەتی ئەرکانی سوپای ئەمەریکا مەحاڵە. ئەوان وەڵامێکی ئامادەیان هەیە بۆ ئێمە: لە بابەتەکە دەکۆڵینەوە و ئەگەر کەسێک سەرپێچی کردبێت، سزا دەدرێ.

دڵی ئێمە بەم وەڵامە ئاو ناخواتەوە و بابەتەکەش هەر ئەم ڕووداوە نیە، بەڵکو پێشهاتە گرنگەکان لە ئەمڕۆ بەدواوە ڕوودەدەن. هەموو کەسێک دەزانێ کە بە پێی ڕێکەوتن لەگەڵ ئەمەریکا و سەرانی کوردی باکوری عێراق، لە چەندین ناوچەی جیاوازی عێراق یەکەی سەربازیمان هەیە کە لە داهاتوودا ئەوانیش دەکەونە بەر پەلامار. وتەیەکی ئەتاتورک هەیە کە نابێ لەبیر بکرێ: "پێویستە خۆبەدوور بگیرێ لە یاریکردن بە سەروەریی گەورە دەوڵەتان. " ئێستاش ئەرکی مۆڵەت نەدان بە یاریکردن بە سەروەریمان لە ئەستۆی ئێمەدایە. هەڵبەتە تورکیایش دەوڵەتێکی زۆر گەورەیە و پێویستە سەرەتا خۆمان باوەڕ بەم ڕاستیە بهێنین و پاشانیش نیشانی ئەوانەی بدەین کە باوەڕی پێ ناهێنن.)

www.kurdistannet.org کوردستان نێت